شانۆنامە

# ڕاوی گورگ [1]

نووسەر:

## جیۆڤانی کارمێلۆ ڤێرگا [2]



وەرگێرانی:

## نسترن شیرازی

وەرگێرانی لە فارسییەوە:

## ڕەحمان عەزیزی

[1] La Caccia al Lupo

[2] Giovanni Carmelo Verga

## کەسایەتییەکان،

لولو[3]

ماری ئەنجێلا[4]

بێلاما[5]

## شوێن:

خانووی بچووک شوانێک، لای چەپی دەرگای چوونە ژوورەوە و چێشتخانەکە لە کۆتایی ژوورەکەدایە.

شەوێکی زریان و با وباراناوی.

کاتی هاتنەدەرەوەی گورگەکان ،

لە لای چەپی دەنگی لێدان دەرگای چوونە ژوورەوە بە بەردەوامی دەبیسترێت.

ماری: (بە خێرایی دەرگای چێشتخانەکە دادەخات)هاتم...هاتم...خەوتەبووم...ئەوەجلەکانم لەبەر دەکەم...

(لە کۆتاییدا دەچێت و دەرگاکە دەکاتەوە).

لولو:( بە دەمانچەیەکەوە دەێتە ژوورەوە، چەند ساتێک لەبەردەرگاکە دەوەستێت بە ڕووخسارێکی ترساوەوە، هەموو جەستەی تەڕ بووە و ئاو دڵۆپ دڵۆپە لێ دەتکێت، لولو بە چاوی نیگەران و دوودڵەوە سەیری دەوروبەری دەکات.)

ژنەکە:{ بە بینینی باری نائاسایی مێردەکەی، تووشی شۆک بوو.}چی ڕوویدا؟...چی ڕوویدا؟...

لولو: (هیچ وەڵام ناداتەوە. لە ژێر خۆییەوە وەڕینە دەکات و بە چاوی سەرسوڕهێنەرەوە هەموو گۆشەیەک دەپشکەنێت).

(چراکە لەسەر مێزەکە. لە دەرگای پشتەوەی چێشتخانەکەوە دەنگی مریشک و کەڵەبابکە لە زریان دەترسن دەبیسترێت )

ژن: ( بە سەرلێشێواوی سەیری مێردەکەی دەکات.) ئای عیسا مەسیح!زۆرت ترساندمت.

لولو: { دەرگاکە دادەخات وپاڵتووکەی بە بزمارێکەوە هەڵدەواسێت و بە پەڕۆیەک لوولەکەی دەمانچەکەی وشک دەکاتەوە}ئای چەند سەیرە! تۆم ترساند؟...مێردەکەت ترساندتی؟ ...

---

[3] lollo

[4] mariangela

[5] bellama

**ماری: چ کەش و هەوایەکی خراپە! لە تەویلە شتێک ڕوویداوە؟بۆچی لەم کەشوهەوا ناخۆشەدا چوویتە دەرەوە؟**

**لولو: { وەک جنۆکە، هێواش هێواش لێرە و لەوێ دەڕوات، و دەمانچەی دەستی بۆ هەموو گۆشەیەک ڕادە دەدێرێت و دەجوڵێت، ژنەکەی لە پشتیەوە نیگەران وەستاوە،}**

**کارێکم هەیە ، دەبێت بیکەم، چراکە بە دەستەوە بگرە ،ڕووی لە خوارەوە کە، چیە؟دەلەرزێت؟ئەوەندە دەترسیت تەنانەت ناتوانیت گڵۆپەکەش بگری؟**

**ماری: پێم بڵێ...بە دوای چیدا دەگەڕێیت؟**

**لولو: وتم چراکە بگرە!**

**ماری: چاو لێ کە... ئێرە هیچی لێ نییە**

**لولو: هەیە، هەیە، دەبێ هەبێت... ئەوەتا.**

**{ پارچە دارێک کە کەم تا زۆر قەبارەی کفنی دەستی دەبێت،هەڵدەگرێتەوە.}**

**ماری: بۆ ئەوە هاتی بۆ ئێرە؟**

**لولو:{زەردەخەنە} هەم لەبەر ئەمە و هەم بۆ شتێکی تر... دەبێت لەوێ بێت...**

**{ئاماژە بە دەرگای چێشتخانەکە دەکات} دڵنیام لەوێیە...**

**{ دەچێت دەرگاکە بکاتەوە } .**

**ماری:{ شێتانەوبە پەرۆشەوە دەستی دەگرێت تا نەتوانێت دەرگاکە بکاتەوە }.لە چی ئەگەڕێی؟ ...ناتەوێ پێم بڵێی؟**

**لولو: بۆ، بۆ، بۆ نابێ پێت بڵێم؟**

**ماری: {بە پەرۆشەوە} پێم بڵێ چیت پێویستە؟... من بۆت دێنم ،مەگەر من ژنەت نیم؟**

**لولو: بەڵی وایە... تۆ ژنی منیت... ڕاستە... چراکە هەڵبگرە و وەرە پێش کەوە... دەرگاکە بکەوە... خێرا...{لەناکاو دەچێتە وچراکە کە خەریکە لە دەستی دەکەوێت وەردەگرێت}هەی ماری ئەنجێلا... دەتەوێت بەم خیتە تاریکییەوە؟بۆچی ئەوەی پێم وتی نەتکرد؟**

**ماری: {بە ترس وپەروشەوە}، دەترسم شتێکی خراپمان بەسەر بێت، ئێرە هەمووی دارە و ئەم فانۆسە هەڵکراوە... پێم بڵێ چیت پێویستە، ڕەنگە بتوانم یارمەتیت بدەم...**

**لولو:{ دوای کەمێک دوودڵی،} بەدوای پارچە، پەتێکدا، دەگەڕام کە ئەم دارەوە ببەستمەوە.**

**ماری: ئەم بەرهەڵبێنەیە،باشە؟بەکاری تۆ دێت.**

**لولو:{پێدەکەنێت} بەڵێ بە بەرهەڵبێنەی ژنان  تەنانەت دەتوانی دەستی شەیتانیش ببەستی.{چراکە دەخاتە سەر مێزەکە و دەمانچەکەی بە دیوارەکەوە هەڵدەسپێرێت}**

**لولو: (لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت ).**

ماری: (بەرهەڵبێنەکە لێ دەکاتەوە وپێیدەدات).

لولو: (دەیخاتە تەنیشت پارچە دارەکە لەسەر مێزەکە).

ماری: (ئەچێت، خواردن و جگەرەی بۆ دەهێنێت، لەم دۆخەدا هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر خۆیدا نییە و نازانێت چی بکات).

لولو: بیر لە چی دەکەیتەوە، هۆشت لەکوێیە، شتێک بڵێ ئاژەڵ!

{ چەقۆیەک لە گیرفانی دەردەهێنێت و دەیکاتەوە و هێواش هێواش دەست دەکات بە خواردنی شتەکان.

پشت بە دیوارەکەدەدات و سەری بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان وەک نیشانەی سوپاسگوزاری، هەندێک جار دەگەڕێتەوە و سەیری دەرگای چێشتخانەکە دەکات کە ژنەکەی بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەوە لەوێ وەستاوە.}

بێلات بینیوە؟

ماری:{ ئەو شتەی لە دەستدایە لەناکاو لە دەستی دەکەوێتە خوارەوە، ڕستەی تێنەگەیشتووی دەڵێت}نا... چۆن؟ ....من نەمبینی.

لولو: {بە شێوەیەکی تێنەگەیشتن دەخرۆشێت و هەندێک ئاو بۆ خۆی دەڕژێت.}

ماری: ئاخە بۆچی پرسیارێ وا دەکەیت؟... بۆچی دەبێت لێرە بێت؟

لولو:{ بە دەستی دەمی دەسڕێتەوە و بە چاوێکی ماندوو سەیری دەکات وەک ئەوەی گوێی لە قسەکانی نەبێت، بە ساردییەوە جگەرەکەی دادەگیرسێنێت، }

ماری:{ لەناکاو بە نائاساییتر لە پێشوو لەبەردەمیدا دادەنیشێت بۆ ئەوەی پێڵاوە تەڕەکانی لۆلۆداکەنێت}،

لۆلۆ:{ دەخرۆشێت وبە پێ دیخاتە دواووە.}چی دەکەی؟

ماری: دەمەوێت پێیەکانت وشک بکەمەوە... تەڕن.

لولو: من دەچمە دەرەوە.

ماری: {هەناسەیەکی ئاسودەیی دەدات، پشوویەکی دێتەوە بەر خۆی }...ئێ؟... کارێکت هەیە؟

لولو:{سەری بەرز دەکاتەوە و بۆ چەند ساتێک سەیری دەکات، پاشان بە خەندەیەکی گاڵتەجاڕانە}نا، دەچم بۆخۆشی وسیران، {مەژ لە جگەرەکی دەدات و دوکەڵەکەی بەملا و ئەولا دەنێرێت.}

ماری:{ مێزەکە کۆدەکاتەوە، لەژێر لیووە قسە دەکات}ئەمشەو باسی چی دەکەیت!... ؟

لولو: وتم کە... کارم هەیە... لەگەڵ مۆزارەکان. چاوەڕێیمن. ..ئەمشەو دەبێت گورگەکەم بگرم.

ماری: گورگ؟ ...

لولو: بەڵێ ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێیانم!ئەمجارە، تەڵەم بۆ داناوە... تەڵەیەکی باش... هەرکەسێک بکەوێتە ئەم تەڵە، تەنانەت شەیتانیش ناتوانێت ڕزگاری بکات.. .و ئێستا لە تەڵەی مندایە... دەزانی؟نامەوێت لە شوێنی ئەو بم.

ماری: {سەری دەسوڕێنێتەوە و بە نیگایەکی نیگەرانییەوە، سەرەتا لە دەرگای چێشتخانەکە و دواتر سەیری مێردەکەی دەکات کە تەنانەت سەیریشی ناکات.}

لولو: {بەتام وچێژێکی سەیر مەژ لە جەگەرەکە دەدات، دەنگی ڕەشەبا هەورەتریشقە لێدەدرێت و ڕووناکییەکی درەوشاوە دیمەنەکە ڕووناک دەکاتەوە}.

ماری:{ لە ژێر کاریگەری ڕەشەبا}شەوێکی سەرسوڕهێنەر!{ دوعا دەکات}یا عیسا مەسیح

لولو: ئێستا کاتێکە ئاژەڵەکان دێنە دەرەوە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانیان جێ بەجێ بکەن، بەڵام ئێستا پێوە دەبن، ئەمەیە لولو پێت دەڵێت.

{ بە دەنگێک کە لەناکاو لە چێشتخانەکەوە دەبیسترێت، هەڵدەستێت و دەمانچەکەی دەبات }...هەی!ئەو چی بوو!

ماری:{ کە زۆر ترساوە } مریشک و جوجک وکەڵەبابەکانن... لە چێشتخانەکەم کردوون... لەبەر ئەم زریانەوە...

لولو: ئەوان دەترسن... هەر وەک تۆ... چاو لە خۆت کە !ڕەنگت بەرووەوە نەماوە{ کەمێک خواردنەوە بۆ دەڕێژێت} هەندێک لەمە بخۆرەوە.

ماری: نەخێر... ساڵانێکە ناخۆمەوە.

لولو: باشە من خۆم دەیخۆم.

{دەخواتەوە و پاشان بە چەقۆی گیرفانی خۆی دەست دەکات بە بڕینی پارچە دارەکە، فوو لە پارچە دارەکە دەکات و بە خۆشحاڵیەوەلە بەرخۆیەوە گورانی دەڵێت، بە تەواوی سەرنجی لەسەر کارەکەی دەبێت، پاشان بە گۆشەیەکی پارچەکە دارەکان دەیبەستێتەوە.}

ماری:{ بۆ شاردنەوەی پەشیمانی خۆی وا نیشان دەدات کە بە وردی سەیری کارەکانی ئۆمی دەکات }..چی دەکەیت؟

لولو:{ زۆرترین سەیری دەکات، سەرقاڵی گۆرانی و کار کردنە }...ئەمە؟...ئەمە چییە؟...هیچ...بۆ بستنی دەمی گورگەکە.. من دەمەوێت یەکێکی تر لەمانە بۆ بستنی دەمی تۆدروست کەم! ئێستا.. .. پێدەکەنی؟... ئێوە ژنان حەوت رووتان هەیە... هەر وەک شێوەی پشیلە...{ و دواتر ئەو ئامێرەی کە دروستی کردووە دەکێشێت تا بزانێت ئامادەیە یان نا.}..نا باشە.

ماری: {سەیری دەموچاوی دەکات.پاشان وەک پشیلەیەک بە زەردەخەنەیەکەوە چرپە دەکات.}داچاوم لێ کە، با ببینم..ڕۆنی فانووسەکە ڕەژاوە...بەهەموو شوێنێکدا بڵاو بووتەوە...

ماری: {دەست درێژ دەکات و خەریکە بگری}...بەڵێ .. هەموو شوێنێک... ڕۆناویی بووە! خوا گیان! دەزانی... ئەمشەو چیتە؟... دە پێم بڵێ.

لولو: باشە ئەمشەو چیت بینی کە وا دەکات ئەمە بپرسیت؟

ماری: پێم وایە تۆ دەتەوێت شتێک لە من تێبگەیەنیت... بێگومان بەبێ هیچ هۆکارێک... من وا هەست دەکەم.

لولو: تۆ...تۆ...سەیرکە...لە خۆڕا خۆت ئازار دەدی... تۆ هەموو شتێک دەزانیت هەموو شتێک.

ماری: پێت وایە مناڵم... چیرۆکی گورگ و چەقەڵم بۆ دەگێریتەوە.

**لولو: چیرۆک؟...دەبینین...بەڵام ئەم یەکەیان ڕاستە، هەروەک چۆن بوونی خودا ڕاستە...بۆ تۆش خۆش دەبێت... هەڵبەت ئەگەر وە دەستم دەکەوێت.**

**ماری: واو!نا...من نا!**

**لولو: بۆ چی؟تۆ ژنی من نیت؟**

**ماری:{بیردەکاتەوە، فرمێسک لە چاوەکانیدایە و دەیەوێت دەستی لولو بگرێت، بەڵام ناوێرێت}...بۆچی...هاوسەری تۆم...زۆر خۆشم دەوێیت...**

**لولو: ئازاری من ئازاری تۆ نییە؟**

**ماری:تۆ گەورەی منیت...{ئاماژە بە سەری خۆی دەکات}تۆ جێگات لەسەر سەرمە.**

**لولو: چاوەڕوان بە.. با بیگرم، مەترسە.**

**ماری: من خەمی تۆمە، چونکە جگە تۆ لەم دونیایەدا کەسم نییە .**

**لولو: نامەوێت تۆ خەمی من بیت، من ئاگاداری خۆمم... ئەوە بەسە بۆ من.. ڕاستی! هەندێك هاوڕێم دێن یارمەتیم دەدەن...{ بە پێکەنینەوە}...بە یارمەتی ئەوان دیگرم... ئاژەڵێکی ناشرین و پیسە.دەزانی؟نازانی کاتێک دەکەوێتە تەڵەکەوە چ گازێیک دەگرێت... ئەو کاتەی کەگرتمان ...دەمەوێت ئاهەنگێکی بە شێوازی خۆم بۆ بگێرم... بەبێ هیچ ئیسرافێک...**

**ماری: چۆن دەوێرێت!**

**لولو: وا دیارە تۆ ئازایەتی منت بە کەم زانیوە...دەتەوێت بزانیت چۆن گورگ دەگرن... سەیرکە!قوڵکێک هەڵدەکەنن و لەژێر گەڵا وشکەکاندا دەیشارنەوە بەجۆرێک گورگ پێی وایە جێگایەکی نەرم و ئارامە، گەڵاکان تەڵەن!بۆ ئەوەی دەمی گورگەکە ئاو بکات، بەرخێک دەخەنە ناویەوە.. بۆ ئەوەی بۆنی ئەو گۆشتە هەست بکات ...ئەو کاتەی هەستی پێدەکات وەک ئەوە وایە بچێتە ئاهەنگی زەماوەند... بۆن دەکات و دێت هەرگیز ناگاتە ئەو بەرخەی کە خەیاڵی خاوی بۆ لێناوە**

**ماری: (گوماناوییە، بەڵام بۆ ئەوەی نارەحەتییەکەی بشارێتەوە، زەردەخەنە دەکات و بە هەمان دەربڕینەوە ئاماژە بە پارچە دارێک دەکات.)بە ئەمە چی دەکەیت؟**

**لولو: ئێمە ئەمە دەخەینە ناو دەمی، بۆ ئەوەی گاز نەگرێت، یەکێکیان سەری پاڵ دەنێتە خوارەوە، بۆ ئەوەی گورگەکە نەجوڵێت، یەکێکی تریان بە خێرایی پەتێک دەخاتە ملی... دواتر چاوی دادەپۆشن.. وە ناتوانێت بەرگە بگرێت و هیچ بکات ...**

**(بایەکی بەهێز دەهەژێت، وەک ئەوەی بیەوێت ماڵەکە بجوڵێنێت).**

**(لە چێشتخانەکەوە دەنگێکی ئاژاوە دەبیسترێت، بایەکی بەهێز گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە.)**

**(تاریکی)**

**ماری:{ لە سەرلێشێواوی هاوار دەکات و کوێرە کوێر بەرەو دەرگای کۆتایی دەچێت}...باربارای پیرۆز! ئای باربارا پیرۆز! چاوەڕوان بە... من بەدوای شمچە دا دەگەڕێم... ئێستا لە کوێیت؟**

لولو:( به پەلە دەچێت بۆ دەرگای چەپ، دەمانچە بە دەستەوە و هەڕەشە دەکات)بوەستە...!بێدەنگ بە!مەجووڵێ!تێگەیشتی؟( لایتەرەکەی دادەگیرسێنێت)بێدەنگ! بێدەنگ!بێدەنگ!دەنگت دەرنەێت!

٠(دەچێت پاڵتۆکەی لە بزمارەکە لێ دەکاتەوە.)

ماری: بۆ کوێ دەچیت؟

لولو: تێدەگەیت.

ماری: بەم زووانە دەگەڕێیتەوە؟

لولو: دەتەوێت بزانیت درەنگ دەگەڕێمەوە یان زوو؟

ماری: دەمەوێ... چاوەڕێت بکەم... بەئاگا بمێنمەوە تا دەگەڕێیتەوە...

لولو: نەخێر بخەوە، کاتێ دێمەوە دەبێ خەوتبێتی

ماری: (زۆر نارەحەت) من؟

لولو: بەڵێ تۆ خۆت!ئەخەویت و لە هیچ ناترسیت، ئەو کەسەی متمانەی بەخوا هەیە لە هیچ ناترسێت، پێویستە متمانە بەخواش بکەیت، چونکە نازانم درەنگ دێمەوە یان زوو.

ماری: نارەحەتم...خەتای خۆم نییە.

لولو: باشە خەمت نەبێت و لە هیچ شتێک مەترسە

(کلیلێک لە جێگای مێزەکە دەردەهێنێت.)

ماری: دەرگاکە قوفڵ دەکەیت؟

لولو: بەڵێ... کە دێمەوە  با بە خەبەرنەیێیت.

ماری: نەخێر نەخێر!

لولو:  دە تەوێت چی تربڵێت؟

ماری: جێم مەهێڵە... بەم شێوەیە بە تەنیا جێم مەهێڵە... دەترسم،وەرە با بخەوین، هەروەک هەمیشە... تۆ لەم سەرمایە چی دەکەیت!ئایا گوێت لێیە من چی دەڵێم؟

لولو: بەخەوم؟نا نەخێر زۆر سوپاس!سەرەتا دەبێت... نا!بچم بخەوم؟نا!... کەمتەرخەمی پەشیمانی بەدواوەیە،

ماری: کەواتە ڕۆشتنت لە من گرنگترە؟...قسەکانم بە هیچ شێوەیەک گرنگ نین بۆت؟...نابینی هەستم چۆنە؟

لولو: دەبینم، بەڵێ دەتبینم، بەڵام ئێستا دەبێت برۆم، مۆزارەکان چاوەڕێی منن، باوک و کوڕ، لەم نزیکانن، دەزانی؟، بە مۆزارەکان دەڵێن  کوڕەشێتەکان!چونکە هاوسەرەکەی لە گەڵ بێلا دەستیان تێکەڵ کردوە و ئێستا ڕایکردوە... ئەمە کارێکە.کەلەگەڵ ژنانی تریش دیکات... تۆش ئەمە باش دەزانیت...

ماری: (سەرلێشێواو، خرۆشان،) من؟

لولو: بەڵێ تۆ!تۆ باش دەزانیت.پاش ئەوەی کە ژنەکەی موزەرای لە بەر چاو کەوت دەستی لێ هەڵ گەرت، لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا بەرەڵای کەرد!گەمژە. بێچارە، کەمترین شت کە مێردەکەی بتوانێت بیکات ئەوەیە کە خوێنی بێلاما بڕێژێنێت.

ماری: ئای عیسا مەسیح!...ئەی عیسا مەسیح!...

لولو: مەسیح؟هەه!...ژنە بەدبەختەکەی فریوداوە ...پاشان تا چاوەکانی یەکێکی تری دیی ، بە پاژنەی پێڵاوەکەی بە شێوەیەک لێیدا کە دەموچاوی پڕ بوو لە خوێن...بێدەنگ بە ئازیزم!چیت لە گیانم دەوێت

ماری:{ بە دەنگێکی پڕلە پاڕانەوە دەستی درێژ دەکات} مەرو لولو!...

لولو: (ڕەق) چیت دەوێت زوو پێم بڵێ

ماری: بمێنەوە لولو!... سەیری من بکە(لەبەردەمیدا ئەژنۆ دەدات و دەپاڕێتەوە)با دەستت ماچ بکەم...بە میهرەبانی، وەک عیسا مەسیح

لولو: (خۆی لە پاڕانەوەکانی ئازاد دەکات) ئەمشەو چ میهرەبانییەک دەبینم... سوپاس بۆ خوا گریانەکانیشت کۆتایی هاتووە...لێم گەڕێ بابڕۆم... یالا... خێرابە.

(هەر کە دەرگاکەی کردەوە بە نهێنی و بەپەلە دەڕوات)

ماری: (هەوڵدەدات ڕێگری لێبکات، بەڵام لولو قۆڵی دەگرێت و بە توورەییەوە پاڵی پێدەنێت بۆ ژوورەوە).

لولو: هەی! بۆ کوێ دیت؟...لێرە چاوەڕێم بکە!...(دەڕوات و لە دەرەوە دەرگاکە قوفڵ دەکات.)

ماری: بۆچی؟... چی ڕوودەدات؟یان مەریەمی پیرۆز!...

بێلاما: (کە زۆرنیگەرانە، لە کۆتایی شانۆکە لە دەرگاکەوە دەێتە ژوورەوە. پاشان بە هێواشی نوکی پێیەکانی بەلای ماریدا تێدەپەڕێت، بە دەنگێکی نزم) ماڵئاوا.ماڵئاوا.

ماری: (ترس و دەمارگیرتر لە جاران) تۆش لەم دۆخەدا بە تەنیا جێم دەهێڵی؟

بێلاما: (هەوڵ دەدات ئارامی بکاتەوە) ئازیزم ئێستا کاتی قسەی ڕۆمانسی نییە، ڕەنگە مێردەکەت بێتەوە.

(درگاکە لە خۆیەوە دەلەرزێت) واو..دەنگێ دەرگاکە بوو!

ماری: دەرگاکە لە دەرەوە قوفڵ کراوە،

بێلاما: ها... ئاخە... ئێستا!

ماری: دەرگای ژوورەکەی قوفڵ کرد.

بێلاما:( دڵەڕاوکێ)بۆ چی؟چی وت؟...لەوێوە باش نەمدەبیست...

ماری: زۆر شتی دەگوت...!ئەی خوایە گیان!

بێلاما:( دەیەوێت ئازایەتی خۆی نیشان بدات، )...من لێرەم.مەترسە...(دوای ماوەیەکی کورت، دەگەڕێتەوە بۆ... باری ئاسایی خۆی و ورده ورده تووڕەییەکەی دەگوازرێتەوە بۆ ژنەکە، کە پێدەچێت ئاژەڵێکی رامکراو بێت لە تەڵەیەکدا ...دەرگا و پەنجەرەی لای ڕاستی چاو لێ دەکات ڕێگای هەڵاتی نییە).. لەوێ وە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ دەربازبوون ...ئێستا چی بکەین؟

ماری: نازانم، نازانم، دەترسم

بێلاما: {بە دڵەڕاوکێ وە بەرەو ڕووی دەڕوات}ترس؟ پێم بڵێ لە چی دەترسیت...

ماری: لە ئەو...لە مێردەکەم، من بەم شێوەیە نەمبینیوە.

بێلاما: قسە بکە، ڕوونی بکەرەوە تۆخوا!

ماری:{ دەکەوێتە سەر کورسیەکە، زیاتر لە تەرمێک دەچێت تا زیندوو }قاچەکانم ماندوو بوون، ئیتر ناتوانم لەسەریان بوەستم.

بێلامە: {تووڕە} ئێستا دۆخەکە جیاوازە، بە کەرم مەزانە!

مەریەم: یامەریەمی پیرۆز!یامەریەمی پیرۆز!

بێلاما: {بە شێوەیەکی سەیر دەیلەرزێت }قسە بکە، ڕوونی بکەرەوە، با بزانم چی ڕوویداوە؟

ماری:{ لە پشت مێزەکە دانیشتووە و سەری بە دەستەوە گرتووە}مێردەکەم هەموو شتێک دەزانێت، پاسەوانێ دەدات بۆ ئەوەی بەمان بگرێت!

بێلامە: نەخێر...ناکرێت...بەو شێوەیە نییە...کەس نەیدەتوانی لەو تاریکییەدا بمبینێت.

ماری: چاوەکانی دەدرەوشانەوە دەتتوانی لە دەموچاوی دا بخوێنیتەوە...دڵنیام.

بێلاما: بەڵام منی نەدۆزیەوە...بەبێ ئەوەی من ببینێت ڕۆیشت.

ماری: ڕاستە، بەڵام دواتر بۆچی دەرگاکەی قوفڵ کرد؟

بێلاما:{دیسان دڵەڕاوکێ}باشە بۆچی؟{لە کاتێکدا هەوڵدەدات خۆی دڵخۆش کات دووبارەی دەکاتەوە }باشە، ئەی بۆچی ڕۆیشت؟

ماری: وتی چاوەڕێی دەکەن... ئەمشەو دەچن گورگ ڕاو کەن

بێلاما: ڕاوکردنی گورگ؟... لەوە باشتر نابێت!باشە، ئەوە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟

ماری: قسەی بە دوایی قسە دەکرد، دواتر وەک بەدبەختەکان لێرە زیندانی کردین.

بێلاما: (بە نیگەرانییەوە سەیری دەوروبەری دەکات.)بە نەفرەت بێ ...حەق بەتویە

ماری: وەک گورگێک کە کەوتۆتە تەڵەیەکەوە، ئێمەشی لێرەدا زیندانی کردووە تا دەگەڕێتەوە...

بێلاما: {دڵخۆش }کەی دەگەڕێتەوە کەی؟

**ماری: نازانم.. نەیدەویست بزانم.**

**بێلاما: تۆش هیچ نازانیت!**

**ماری: بگەڕێتەوە ئاهەنگێکی سەیرمان بۆ دەگێرێت**

**بێلاما: چی؟ ...**

**ماری: سەری هەردووکمان بە فتەرات دەدات، سەری تۆ و من**

**بێلاما: جارێ قسەی ناخۆش مەکە!**

**مەریەم:(بە گریانەوە) مەریەمی پیرۆز،ئەی مەریەمی پیرۆز، من لەم دونیادا جگە لە تۆ کەسم نیە.**

**بێلاما: بەڵێ ڕاست دەکەیت.بەڵام ئێستا لیم گەرێ**

**ماری: تۆ ئاگات لە دڵی من هەیە، زۆر جار وتت ئامادەی هەر کارێک بۆ ماری ئەنجێلیناکەت بکەیت.**

**بێلاما: تەنانەت چەقۆیەکی بچووکیشم لە گیرفان دا نییە...**

**ماری:{ دەموچاوی لەناو دەستی دا دەشارێتەوە ودەگری.}باشە؟تۆ تێدەگەیت چیم بۆ کردیت؟**

**بێلاما: تۆ منت خستە تەنگانەیەکی زۆرەوە!**

**ماری: من؟من؟**

**بێلاما: ئینجا کەی؟نابێ کاتمان بە قسە بەفیرۆ بدەین، پێش هەموو شتێک دەبێ بیر لە هەڵهاتن بکەینەوە... ڕەنگە بەڕاستی چوون بۆ ڕاوکردنی گورگ... هەروەها لەگەڵیدا ڕۆیشتن بۆ ڕاوکردنی گورگ... دواتر ئێمە تا سبەی بەیانی کاتمان هەیە.**

**ماری: خودا خۆی ڕەحممان پێ بکات... ئەی ڕۆحە پیرۆزەکان، بگەنە یارمەتیمان!**

**بێلاما: {ئازا بوو} مەترسە من.. من لێرەم.**

**ماری: بەڵام لەگەڵ مۆزارەکان دێنەوە...هەروەها ئەوانیش لەگەڵیدا دەچن بۆ ڕاوکردنی گورگ.**

**بێلاما: چی؟چیت وت؟**

**ماری: بنە ماڵەی مۆزارەکان ... باوک و کوڕ...**

**بێلاما: ( وەک شێت هەڵدێت و بەبێ ئەوەی ڕێرەوی هەڵهاتنی هەبێت، بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت بۆ دەربازبوون. ساتەوەختێک بەهۆش خۆی دێتەوە و وەک کەسێکی عەقڵانی پێشنیاری ئەوە دەکات لەبری ئەو کورسییە لەسەر جێگاکە دابنێن بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوێتە سەری) لەوێوە... بێگومان ئەگەر بتوانین بگەینە ئەوێ... ئەگەر بتوانین سەرکەوین بۆ سەربانەکە... سەقفەکە من دەشکێنم... ئەم کورسییەم بۆ بگرە.**

**ماری: ئەوکات ئەی من چی بکەم؟**

بێلاما: (لە جاران زیاتر نارەحەتتر لەسەر جێگاکە وەستاوە) دەبێت چیرۆکێکی بۆ بگێڕیتەوە... ئەویش باوەڕ بە چیرۆکەکانت دەکات

ماری: ئینجا ئەی من؟... چیم بەسەر دێت کاتێک مێردەکەم دەبینێت تۆ لە سەربان هەڵهاتوویت؟

بێلاما:{ سەرلێشێواو و بێدەسەڵات، هەوڵ دەدات بگاتە سەربان}

ئەو لەگەڵ مۆزارەکان پیمانی بەستووە بۆ ئەوەی لە ناووم ببن، لەبەر ئەوەیە کە ئەوان لەگەڵ من ناکۆک بوون.

ماری: {تووڕە} دەزانم، چونکە تۆ و هاوسەری مۆزارا تێکچوون!خوا هەمووتان بە نەفرەت کات .

بێلاما: ئێستاش ژنی مۆزارا لای من زۆر گرنگە، ئێستا تۆش لەم دۆخەدا ئیرەیی دەبەیت

ماری:{تووڕە}تۆ تەنها بیر لە خۆت دەکەیتەوە...

بێلاما: {تووڕە} لە بیرخۆم دام؟!!...بەڵێ خانم...تۆ دەتەوێت تووشی کێشەم بکەیت.

ماری:{قاچی بێلاما ڕادەکێشێت}دەتەوێت بە تەنیا جێم بهێڵیت؟

بێلاما:{ لێی دەدات } لم گەڕێ با بڕۆم پیسی بۆگەن!

ماری: {تووڕە، لە کورسییەکە دەیکێشێتە خوارەوە} نەفرەت لە تۆ! نەفرەت لە تۆ کە منت تووشی ئەمڕۆژە کرد

بێلامە: {بە تووڕەییەوە کورسییەکە هەڵدەگرێت و دەیخاتە سەر سەری}دەتکوژم!دڵنیابە، بەهەمان شێوە متمانەت بە بوونی خودا هەیە، پێش ئەوەی مێردەکەت ئاهەنگت بۆ بگێرێت یا هەر کارێک بکات من خۆم دەتکوژم !

ماری: خۆزگە پێش هاتنت بمردبام، خۆزگە...!

بێلاما: خۆزگە ئێستاوە ئەمە ڕوویدات!

ماری: تەنها لەبەر ئیحراجەکانت... وەک هاوسەری مۆزارا بەدبەختت کردم... خیانەت کار!

بێلاما: دیسان لە سە ژنەکەی مۆزارا گاڵتەم پێدەکەی ، پێدەچێت لەبیرت چووبێتەوە چەند ڕاوەدووم داوە، بە شوێنم کەوتیت ...وەتت لێییگەڕێ با بڕۆات... ها؟

ماری: بە شوێنتکەوتم... گوناهم کرد؟

بێلاما: تۆ زۆر ڕووداری!کێ جار و بار دەهاتە بەردەرگای ماڵەکەم، زەردەخەنەی ڕادەستم دەکردەوە؟... تۆ مێردیشت هەبوو!بێگومان هەرگیز شایەنی ئەو نەبوویت، وە کاتێک کەسێکی ترت بینی ، یەکسەر لە دڵت دات ماڵی !

ماری: ( دەنگی سوڕاندنی کلیلی ناو قوفڵەکە دەبیستێت و دەست دەکات بە هاوارکردن)

یارمەتی!... یارمەتی ! یارمەتیم بدەن

بێلاما: (قوڕگی دەگرێت) بێدەنگ بە!...ئەگینا دەتخنکێنم!...

ماری:( دەست و پێی لیدەدات..گاز لە دەستی دەگرێت)یارمەتی!یا مەسیح!هاوار

**بێلامە:( گوێی لە کردنەوەی دەرگا دەبێت و بەجنیو دان  دەچێتە ژوورەکەوە بۆ ئەوەی لەوێ پەنا بگریت)بەنەفرەت بی!**

**ماری: یارمەتیە بدەن!پیاوێک لێرەیە!لەو ژوورە... ویستم جلەکانم داکەنم...**

**لولو:(بانگی مۆزارا دەکات کە لە دەرەوەی دەرگاکەیە)مۆزارا! هاوڕێ! ئەوەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین لێرەیە!**



**ناساندنی کتێبی ڕاوی گورگ [شانۆنامە] لە نووسینی :جووانی کارملو ورگا(جیۆڤانی کارمێلۆ ڤێرگا)_**

**ڕەحمان نەقیزادە**

**لەم کورتە تێبینییەدا دەمەوێت کورتە شانۆنامەییەک بناسێنم؛ نمایشی «ڕاوی گورگ» لەلایەن «جیۆڤانی کارمێلۆ ڤێرگا».**

**سەرەتا بە چاوخشاندنێک بە ژیاننامەی «جیۆڤانی ڤێرگا» (١٨٤٠-١٩٢٢) دەست پێدەکەین.**

**جیۆڤانی کارمێلۆ ڤێرگاGiovanni Carmelo Verga**

**جیۆڤانی ڤێرگا یەکێکە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی ئەدەبی "ڤێریزم" لە ئیتالیا.**

**بە نۆسە شیعرییەکەی، لە ڕۆمان و کورتە چیرۆک و شانۆنامەکانیدا ژیانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگای ئیتاڵی ئەو ڕۆژە وێنا دەکات، کە لەنێویاندا دوو شاکارەکەی، "مالاڤۆلیا" و "دۆن جازڤاڵدۆ" زۆر بەناوبانگن. کەسایەتییەکانی بەرهەمەکانی ڤێرگا، لە یەکەم بەرهەمەکانییەوە، هەموویان بەندکراوو و دۆڕاون. هەڵوێستی ڤێرگا لەم نێوەندەدا ئارگومێنتێکە بەرەو ئایدیاڵە باشترەکان و باشترکردنی بارودۆخی ژیانی مرۆڤ لە وڵاتەکەیدا، بە تایبەت لە سیسیل. هەروەها دوای بەدیهاتنی زیندووبوونەوەی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی دامەزراوە ئازادتر و دیموکراسیترەکانە.**

**ئەوەی لەم بڕگەی سەرەوەدا خوێندوتەوە لە بەرگی یەکەمی کتێبی "ئەدەب و نووسەرانی هاوچەرخی ئیتالیا"ی موحسین ئیبراهیم هەڵبژێردرا بوو.**

**شێوازی ڤاریزم چییە؟**

**من بە یارمەتی لاپەڕەی ویکیپیدیا شێوازی ڤێریزم پێناسە دەکەم: ڤێریزم یان ڕیالیزمی پاک ناوی شێوازی ئەدەبی ئەوروپییە و تەقلیدکردن و تێکەڵکردنی قوتابخانەی ڕیالیزم و سروشتیزمی فەرەنسییە. ئەم شێوازی بۆ یەکەمجار لە ئیتالیا دروستکراوە و لەوێ کۆتایی پێ هاتووە. دامەزرێنەرەکەی جیۆڤانی ڤێرگا بوو. شێوازی دەربڕینی نووسەرانی کۆنی ئیتاڵی لەگەڵ فەلسەفەی ئەخلاقی تۆماس هاردی ئینگلیزی بە تۆنێکی سووتاو و توند تێکەڵ کرد و کۆمەڵێک چیرۆکی لادێیی و دوو ڕۆمانی گەورەی دیکەی دروست کرد. ئەمڕۆ ئەم شێوازە وەک نموونەیەکی ناوازەی هونەری چیرۆک گێڕانی ئیتاڵی دادەنرێت. لویجی کاپۆانا و ماریۆ پرازی و گرازیا دێلدا لە شوێنکەوتووانی ئەم شێوازەن.**

**چیرۆکی شانۆنامەی« ڕاوی گورگ» (La Caccia al Lupo)**

**درامای ئیتاڵی « ڕاوی گورگ» سێ کەسایەتی هەیە کە بریتین لە لولۆ، ماریانجێلا و بێلاما. چیرۆکی کتێبی « ڕاوی گورگ» بەم شێوەیەیە: ماریانجێلا، هاوسەری لولۆ، لەلایەن کەسەیکەوە بە ناوی بێلاما فریودەدرێت و لەگەڵیدا کەوتۆتە پەیوەندی. بێلاما بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژنانی خێزاندار ناسراوە. لولو کە لەڕێگەی هاوڕێکانییەوە بە چیرۆکی خیانەتی هاوسەرەکەی زانیویەتی، وبەدوای بێلامادا دەگەڕێت.  شەو دەگەڕێتەوە  ماڵەوە بۆ ئەوەی ژنەکەی لەوێ زیندانی بکات و بچێت بۆ ڕاوکردنی گورگ؛ بێ ئاگا لەوەی کە بێلاما لەو ساتەدا لە ماڵەکەیەتی.**

**بەرهەمەکانی جیۆڤانی ڤێرگا**

**دوو کورتە چیرۆک لەلایەن ڤێرگا بەجێماوە بە ناوەکانی {سیسیلی نێدا ( گورگی مینە)} و( ژیان لە کێڵگەکاندا). هەروەها چەندین ڕۆمانی نووسیوە؛ کە "ئیڤا" و "پڵنگی شاهانە" و "خێزانی مالافولیا" سەر بەوانەن. بەرهەمی دیکەی هەیە کە**

دەتوانیت لە سەرچاوەی دیکەوە بیانناسیت. شانۆنامەکانی "ڕاوکردنی گورگ" و "ڕاوکردنی ڕێوی" لە کتێبەکانی جیۆڤانی ڤێرگان.لێرەدا، ئامانجم ناساندنی شانۆنامەی« ڕاوی گورگ» بوو.

ڕەحمان نەقیزادە_ http://1-g.org/af/#comment-2274

# گورگەکانیش دەکوژرێن

**چاوخشاندنێک لە شانۆنامەی "ڕاوی گورگ" لە نووسینی جیۆڤانی ڤێرکا**

**حەسەن پارسایی:**

لەم شانۆنامە کورتە یەک ئەکتەدا، کە سەرەڕای تەکنیکە داهێنەرەکەی بابەت و ناوەڕۆکەکەی، پێدەچێت تا ڕادەیەک ئۆتۆدیداکتیک و ووڕک شۆپێکی هاوشێوە بێت، جیۆڤانی ڤارکا توانیویەتی بەرهەمێکی کورت، بەڵام شانۆیی و دراماتیک بنووسێت کە تێیدا، لە ڕووی... نیشانەناسی، لێکدانەوە،هەڵپەساردن،پەیوەندیوە، تەمثیلکردنی بابەت و ڕووداوەکە بە شێوازی خۆی جێگەی دەستخۆشی و جوانە.

هەندێک جار لە هەندێک شانۆگەری نوێ و داهێنەرانەدا، توخمەکەی چیرۆکەکە زۆر لاوازە یان لە بنەڕەتدا پشتگوێ دەخرێت و لەبری ئەوە توخمەکانی تری وەک ڕووداوێک و دۆخێکی تایبەت،ودیاریکراو دەبنە بەرچاو وە دەروون و هەستی بینەر ئاراستەی خۆیان دەکەن وە ناوبانگ بەدەست دەهێنن و عەقڵ و هەستی بینەر تەرکیز دەکەن. بۆ جەختکردنەوە لە وەها دۆخێک، هەمیشە هۆکار و لێکدانەوەیەکی دیاریکراو هەیە کە نمایشکردنی دەقێکی لەو جۆرە وەک نمایشێک، ڕەوا و قبوڵکراو دەکات. ئەم بەرهەمانە زۆرجار جێگەی سەرنجن و وەک باسمان کرد، لێکدانەوەیان هەیە و بێگومان لە هەندێک حاڵەتدا تەنانەت تەمثیلین و هەروەها هەلومەرجی بیرکردنەوەش دروست دەکەن کە بە نیشانەکان یان لە ڕێگەی کۆییەکەیانەوە مانادار بن.

http://www.honaronline.ir/بخش-نمایش-3/125470-گرگ-ها-هم-کشته-می-شوند-


تیوال
Photo by: Ziya Safavian


شکار گرگ
نویسنده: جووانی ورگا
مترجم: نسترین شیرازی
طراح و کارگردان: حسین کاظمی
بازیگران: زهرا جان محمدی دانیال محسنی پوریا دژپور
مکان اجرا: خیابان ولیعصر (عج) تقاطع خیابان امام خمینی (ره)
مجموعه تالار محراب ۸ تا ۲۴ مهر ماه ۹۷